# دوو نامە لە د. مارف خەزنەدارەوە (١)

**ئا: سەرنووسەر**

هەولێر: ١٩٩٢/١/٧

بۆ برای خۆشەویستم مامۆستا کاکە ئازاد

ڕۆژتان باش

هەواڵتان دەپرسم، خۆشی و شادیتان هیوا و ئامانجمە، منداڵەکانمان هەواڵتان دەپرسن و چاوتان ماچ دەکەن، نامە ڕەنگینەکەت بەدەستم گەیشت، لەباتی جارێک، دووجار سوپاست دەکەم، جارێکیان بۆ بەسەرکردنەوەکەت، جارێکی تریشیان بۆ کۆوارەکەت، دەستت خۆش بێ و جێی خۆیەتی، بەڵام دەبێ پێش هەموو شتێک دارایییەکەی بۆ هەناسەیەکی دووروودرێژ جێبەجێ بکرێ، ژمارەیەک و دوو ژمارە هیچ دەردێک تیمار ناکا، هەرچۆنێ ئەم هەواڵە دڵشاد و گوشادی کردم، بۆیە بەشداربوونیش، بێ گومان پێویستە، جا ئەوی ڕاستی بێ و بۆ تۆ دەست بدا ئەوەیە لێکۆڵینەوەیەکم بەدەستەوەیە لە بابەت گۆرانەوە، هێشتا تەواو نەبووە، ڕەنگە یەک- دوو مانگی بوێ، هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ کە ئەو لێکۆڵینەوەیە هەر لە ئێستەوە پێشکەشی تۆی بکەم، بەڵام نازانم بەفریای ئەو ژمارەیە دەگا کە تۆ دەتەوێ تێیدا بڵاوی بکەیەوە، یا نا؟! هەر چۆنێ بێ زیانی نییە بەر هەر ژمارەیەک بکەوێ(٢)

لە بابەت (٥٠) نوسخەکەوە، دیارە پارەکەی سەرف نەکراوە و ناشکرێ، مودیرەکەش هەولێری بەجێ هێشتووە، هەر ئەوەندە ماوە هەوڵێ بدەم، بەڵکو لەناو نەچووبن و وەریان بگرمەوە(٣)، کۆواری کاروان ژمارە (٦٢) ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام لە بەغدا بەند کراوە، کەرەستەی ژمارە (٦٣) و (٦٤)یش لێ دراوە و ئامادەیە بۆ چاپ، ئەویش بەندکراوە، وتارەکەی تۆ لێ دراوە، هەمووی لە بەغدایە، بەڵام دڵنیابە کە لەناو ناچن، من خۆشم سێ بابەتم لەوێ هەیە و ڕەشنووسیشیانم نییە. هەر وەختێک ئەوەی تۆم دەست بکەوێتەوە لای خۆم دەیپارێزم(٤).

ئیتر کاکی برا، بیرت دەکەم، هیوام وایە بەم زووانە چاومان بەیەکتری بکەوێتەوە وەکو خۆشت نووسیبووت، بەخۆشی و شادی بژی.

**برای دڵسۆزت**

* **نامەی دووەم**
بۆ برای خۆشەویستم کاکە ئازاد
ڕۆژباش
چاوەکانت ماچ دەکەم، هەواڵت دەپرسم. هەلێکی باش بوو بەهۆی کاک کوردۆ عەلی-یەوە(٥) ئەم نامەیەت بۆ بنێرم. سەباحی غالیب لە لەندەنەوە عەودالی بەرگی یەکەمی شێخ نووری-یە، بەرگی دووەمی لەمن وەرگرت. بەرگی یەکەمی لای کەس چنگ ناکەوێ، هیوادارم هەرچۆنێ بێ هەتا ئەگەر دانەی خۆشت بێ بیدەی بە کاک کوردۆ و لەگەڵ خۆیدا دەیبا بۆ کاک سەباح. زۆر مەمنوونت دەبم
هەر بژی بەخۆشی و شادی

**برات**
**مارف خەزنەدار**
**١٩٩٢/١٠/٨**

**ڕوونکردنەوە و پەراوێزەکانی ئەو دوو نامەیە:**

(١) ئەم دوو نامەیەی د. مارف خەزنەدار لە هەولێرەوە بۆی ناردوومەتە شاری سلێمانی، کە من ئەوکاتە لە سلێمانی دەژیام و لە موزەخانەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆری وەک بەرپرسی موزەخانەکە کارم دەکرد.

(٢) ئەوکاتە کە سەرەتای ڕاپەڕین بوو، گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە، یان نەبوون، یان زۆر بە دەگمەن دەردەچوون، من وەک لە پێشەکی نامیلکەی (بەرەو یەکگرتنەوەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی)ل٨ نووسیومە: [بۆ یەکەم جار لە بارەگای سەرەکییان لە قەڵاچوالان پێشنیاری دەرکردنی گۆڤارێکم خستە بەردەمی مولازم کەریم، هەر ئەو ڕۆژە بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو هاتینەوە سلێمانی و لە بارەگایەکی دیکەی پاسۆک کە بەرانبەر لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، لای فولکەی کاوە بوو، بە ئامادەبوونی بەڕێزان: مولازم شوان و موژدە تاهیر و غاندی ئەنوەر تۆفی و بەختیار شەوکەت و مامۆستا هادی و مامۆستا فەرهاد ئەو پێشنیارەی منی بە خۆشحاڵییەوە خستە بەردەمی ئەو برادەرانەوە، ئەوانیش کە ڕوون کردنەوە و پێشنیارەکەیان لەمن بیست زۆر بەلایانەوە پەسند بوو، پێشنیارەکەی منیش بریتی بوو لە دەرکردنی گۆڤارێک بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و قووڵ و هەمەلایەنی کوردی سەبارەت بە (مێژوو، جوگرافیا، کەلەپوور، بەڵگەنامە، هزر، ئەدەبیات، هونەر و...تاد)ی خۆمان، بەڵام ئەو هەر ئەوکاتە دەیویست بزانێ دەرکردنی گۆڤارێک ئەگەر (١٠) مەلزەمە کەمتر نەبێ بە هەموو تێچوونەکانییەوە چەندی دەوێت؟ ئەوکاتە ئەو گۆڤارە بە کەرەستەی چاپ و تایپ کردن و لە چاپدانەکەی نزیکەی (٤٠) هەزار دیناری سویسری دەویست، کە ئەم پارەیەش بۆ ئەو ڕۆژە زۆر بوو، بۆیە چەند جارێکی دیکە سەبارەت بەو بابەتە لەگەڵ یەکتری دواین]، لەگەڵ ئەوەی پێشنیاری کڕینی چاپخانەیەکم بۆیان کرد تا بتوانن بەهۆیەوە کتێب و چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانیان لە چاپ بدەن، بەڵام بە کڕینی چاپخانەکەش نەتوانرا پرۆژەی دەرکردنی گۆڤارەکەی من (بێجگە لە چەند نامیلکە و کتێبێک) بێتە دی، زۆریشی نەبرد کە شەڕی خۆکوژی لە ئایاری ساڵی ١٩٩٤ هاتە پێشەوە و هەموو خەونەکانی لە گۆڕنا. قسەکەی (د. مارف خەزنەدار)یش زۆر لە جێگەی خۆی بوو کە نەدەکرا تەنیا بەدەرکردنی ژمارەیەک، یان دووان ڕازی بین، بەڵکو دەبوو توانایی دارایی بۆ چەندان ژمارە دابین بکرێ، چونکە وەک ئەو نووسیویەتی دەرکردنی یەک-دوو ژمارە (هیچ دەردێک تیمار ناکا). کۆمەڵێک بابەتی گرنگم بۆ ئەو گۆڤارە کۆکردەوە، ڕاستە نەتوانرا ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکرێ، بەڵام وەک خولیایەک لەلام مایەوە، دواتر کە هەلێکی دی هاتە پێشەوە، ئەو خەونەم لە گۆڤاری (ڕامان)دا بەدی هێنا.

(٣) د. مارف خەزنەدار باسی (٥٠) دانەی کتێبێکم دەکات، کە کتێبی (شێخ نووری شێخ ساڵح) بەشی یەکەم- بەرگی یەکەم بوو، پێش ڕاپەڕین ئەو (٥٠) دانەی بۆ کتێبخانەی زانکۆی سەلاحەددین لێ وەرگرتم، کە بڕیار بوو بۆ بەشی کوردی بیکڕن، هەرچەندە دکتۆر مارف باسی ئەوەی کردووە و دەڵێ ئەگەر (لەناو نەچووبن وەریان بگرمەوە)، بەڵام دواجار نە پارەکەی وەرگیرا و نە (٥٠) نوسخەکەشم دەست کەوتەوە.

(٤) لەپێش ڕاپەڕین ڕاپەڕین فۆتۆکۆپی نەبوو، یان زۆر کەم بوو، کەسێک جێی باوەڕی حکوومەت نەبووایە ڕەزامەندی پێ نەدەدرا مۆڵەتی (فۆتۆکۆپی) هەبێ، لەلایەک بێ متمانەیی بەوانەی فۆتۆکۆپییان هەبوو، لەلایەک نەبوونی پارەی فۆتۆکۆپی ئەو هەموو دەستنووس و وتارانەمان وای کردبوو نەتوانین دانەیەک لە

نووسینەکانمان لەلای خۆمان گل بدەینەوە، بۆیە کە پاکنووسی وتار و لێکۆڵینەوەیەکمان بە دەستخەت بۆ گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەک، تەنانەت کە کتێبەکانمان بۆ دەزگای سانسۆری کتێب لەبەغدا دەنارد، زۆرجار ڕێدەکەوت ونیان دەکرد، یان ئەگەر بابەتەکە بڵاونەکرابایەوە، بۆیان نەدەگەڕاندینەوە، ئەوەی (د.مارف خەزنەدار)یش باسی دەکات و دەڵێ (وتارەکەی تۆ لێ دراوە، هەمووی لەبەغدایە) و پێم دەڵێ کە (دڵنیا) بم و (لەناو ناچن)، یان دەڵێ (هەروەختێک ئەوەی تۆم دەست بکەوێتەوە لای خۆم دەپارێزم) ئەوە ڕوونکردنەوەی ئەو کێشەیەیە کە بەسەر هەموو نووسەراندا هاتووە. ئەم نووسینەشم کە دەڵێ لە گۆڤاری کاروان ئامادەی بڵاوکردنەوە بووە، کە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی بەسەردا هات، ئەوکاتە (د. مارف خەزنەدار) و چەند کەسێکی دیکە لەدەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەدا کاریان دەکرد، بۆیە ئاگاداری بابەتەکان بوو، خەمی نەفەوتانیشی لەبەر بوو.

(٥) د. کوردۆ عەلی (سەروەر محەمەد ئەمین)، لە ساڵی ١٩٧٨ لە بەشی (دوریات)، واتە بەشی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان لەگەڵ برایان: (سەباحی غالیب، ئاری بابان، فوئاد عەبدولڕەحمان، یووسف حەمە ساڵح...تاد) پێکەوە لەوێ کاریان دەکرد، ئەوکاتە (د. فازیل قەفتان) بەرپرس و ئەمینداری کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی بوو، لەو کاتەوە من (سەروەر محەمەد ئەمین)م ناسیوە، ئەو برایانەی لەسەرەوە ناوم هێنان زۆر هاوکاری منیان دەکرد لە ئاسانکاری کردن بۆ هەڵدانەوە و لێکۆڵینەوە و سەرنج و تێبینی نووسینەوەی هەموو بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردی، هەر لەسەرەتاوە تا ئەوکاتە، بەڕاستی ئەو کتێبخانەیە لەم ڕووەوە زۆر دەوڵەمەند و تێروتەسەل بوو، من سوودی زۆرم لێ وەرگرت، بەهۆی ئەو برادەرایەتییەوە (د. کوردۆ عەلی)م ناسی، نامەکەی (د. مارف خەزنەدار)ی بەدەست گەیاندم، منیش داواکەی دکتۆرم جێبەجێ کرد، شاد بێ ڕەوانی پاکی هەردووکیان.


هەولێر: ١٩٩٦/١/٧

بۆ برای خۆشەویستم مامۆستا کاکە ئازاد
ڕۆژتان باش

هەواڵتان دەپرسم، خۆشی و شادیتان هیوا و ئامانجمە، منداڵەکانمان هەواڵتان دەپرسن و چاوتان ماچ دەکەن، نامە ڕەنگینەکەت بە دەستم گەیشت، لە باتی جارێک دوو جار سوپاست دەکەم، جارێکیان بۆ بەسەرکردنەوەکەت، جارێکی تریشیان بۆ گۆوارەکەت، دەستت خۆشی بێ و جێی خۆیەتی، بەڵام دەبێ پێشی هەموو شتێک دارایی بەکەی بۆ هەناسەیێکی دوور و درێژ جێ بەجێ بکرێ، ژمارەیێک، دوو ژمارە هیچ دەردێک تیمار ناکا، هەرچۆنێ ئەم هەواڵە دڵشاد و گوشادی کردم. بۆیە بەشداربوونیشی، بێ گومان پێویستە، جا ئەوی ڕاستی بێ و بۆ تۆ دەست بدا ئەوە یە لێکۆڵینەوەیێکم بە دەستەوەیە لە بابەت گۆرانەوە، هێشتا تەواو نەبووە، ڕەنگە یەک دوو مانگی بوێ، هەر ئەوەندەم بێ دەکرێ کە ئەو لێکۆڵینەوەیە هەر لە ئێستەوە پێشکەشی تۆی بکەم، بەڵام نازانم بە مزیای ئەو ژمارەیە دەگا کە تۆ دەتەوێ تێیدا بڵاوی بکەیەوە یا نا!؟ هەرچۆنێ بێ زیانی نییە بەرهەم ژمارەیێک بکەوێ.

لە بابەت (٥٠) نوسخەکەوە، دیارە پارەکەی سەرف نەکراوە و ناشکرێ، مودیرەکەشی هەولێری بەجێ هێشتووە، هەر ئەوەندە ماوە هەوڵێ بدەم بەڵکو لە ناو نەچوونێ و وەریان بگرمەوە.

گۆواری کاروان ژمارە (٦٢) ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام لە بەغدا بەند کراوە، کە ڕەستەی ژمارە (٦٣) و (٦٤) یشی لێ دراوە و ئامادەیە بۆ چاپ ئەوەشی بەند کراوە، وتارەکەی تۆ لێ دراوە، هەمووی لە بەغدایە بەڵام دڵنیا بە کە لەناو ناچن، من خۆشم سێ بابەتم لەوێ هەیە و ڕەشنووسیشیانم نییە. هەروەختێک ئەوەی تۆم دەست بکەوێتەوە لای خۆم دەیپارێزم.

ئیتر کاکی برا، بیرت دەکەم، هیوام وایە بەم زووانە چاوومان بە یەکتری بکەوێتەوە وەکو خۆشت نووسیبووت، بە خۆشی و شادی بژی.
[illegible] دڵسۆزت


بۆ برای خۆشەویستم کاکە ئازاد
ڕۆژ باش

چاوەکانت ماچ دەکەم، هەواڵت دەپرسم. هەڵگری باشی بوو بە هۆی کاک کوردۆ عەلی یەوە ئەم نامەیەت بۆ بنێرم. سەباحی غالیب لە لەندەنەوە عەودالی بەرگی یەکەمی شێخ نوورییە بەرگی دووەمی لە منی وەرگرت. بەرگی یەکەم لای کەسی چنگ ناکەوێ، هیوادارم هەرچۆنێ بێ هەتا ئەگەر دانەی خۆشت بێ بیدەی بە کاک کاردۆ و لەگەڵ خۆی دا دەیبا بۆ کاک سەباح، زۆر مەمنوونت دەبم.

هەر بژی بە خۆشی و شادی

برات
مارف خەزنەدار
١٩٩٦/١١/٨